# خونچە هەڵوەریوەکانی شیعر

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

Kazhal_3@hotmail.com

## 1

هاورێکەم

نە من وون بوم‌و نەگوڵ‌و خونچەی شیعرەکانم

بۆنیان کزە

تۆ نەشارەزا هاتوویت‌و ماڵی شیعرم پێ نازانیت

بۆ ئەوەی بمدۆزیتەوە..

برۆ تێر تێر بۆنی دەستە ماندووەکانی

باوکم بکەو

تەنیا دوو دڵۆپ لەفرمێسکی نیگا

کاڵبووەکانی دایکم‌و

شەرمی قەیرە کچەکانی وڵاتەکەم

بخۆرەوە

من وام لەوێ..

دواتر لەنێو سۆزی هەناسە بەگوڵ چێنراوەکانی

کۆرپەکانمدا هەناسەکانم بەدی بکەو

لەنێو باخچە رەنگینەکانی هاوسەرەکەمدا

ساباتێکم هەیە بۆ پشوو

وەرە لەوێم ..

2

سوراو

کچە ناسکۆلەکە ..

بەم وشە خەڵەفاوانە بڕوا مەکە

کە پیاوەکان

مەستی نیگات دەبن و پێت دەڵێن

وەک مەجنون بۆ عەشقی لەیلێ

عاشقم بە لێوەکانت ..

ئەوان تامەزرۆن بە ئاڵی سووراوەکەت

نەک لێوەکانت

وەک هەنگێک

لە یەک ساتدا دوا سووراوی لێوەکانت دەمژن و

بێ باکانە

پەرەی گوڵی لێوەکانت جێ دەهێڵن

3

مەرقەد

ئەگەر کەسێ لە خەویشا

نیگاو روخسارت ببینێ

من زیز دەبم

گەر مناڵێکی بێ نازی شارەکەم

ماچت بکا

خەم لە ناخم دەبارێ و

وەکو درەختێکی بێ ئاو

ووشک دەبم

لێم ببوورە ، من پێم وایە

تۆ مەرقەدی رۆحی منی

نابێ هیچ کەس بۆنت بکا

لەخەویشا سەیرت بکا

4

رەنگ

رەنگی سوورم کردە بەرم

شەهید وتی خوێنی منە

رەنگی زەردم کردە بەرم

حزبێک وتی رەنگی منە

رەنگی سەوزم کردە بەرم

خاکێک وتی بۆنی منە

رەنگی مۆرم کردە بەرم

گوڵێک وتی پەرەی منە

رەنگی سپیم کردە بەرم

چەندان شمشێر

لەسەر سەرم هاتنە وەلاّم

خێرا ئەو بەرگە فڕێدە

ئەم رەنگە رەنگی ژن نییە

ئەمە رەنگی پەڵەی هەورە

رەنگی هەموو فریشتەکان

رەنگی ناسنامەی مردووەکان

5

رێم بدە

رێم بدە بێمە دڵتەوە

تا بزانم لەنێو دڵتا

خەمو گریانی ژن هەیە

ئەی تۆ بڵێی لەنێو دڵتا

ولاّتێکی جیاواز هەبێت

بۆ عاشقانی ولاّتەکەم

ژوانگەیەکی ئازاد هەبێ..

6

یاد

هەر بۆ ئەوەی یادت نەکەم

گشت وێنەکانتم ناردەوە

کوردستان نێت
Kurdistan.net کوردستان نێت

کتێبەکەو کراسەکەت‌و پێنوسەکەتم

شاردەوە

کە شەو داهات، لەدووری تۆ

خەم دایگرتم

شنەی شیعرێ لای تۆوە هات

خۆی خزاندە ئامێزمەوە

ئەم ئازارانەی پێ ڕشتم

7

کۆچ

کە رۆیشتی

گوڵی ناو ئینجانەی ماڵەکەم

کزوومات بوو

دەمی نا بەگوێچکەمەوە

بە ئەسپایی پێی وتم

ئەمشەو هەتاکوو بەیانی نەخەوتم

بۆ ژوانێکتان ئێشکگربووم

8

ئیرەیی

مێژووی ژیانی من وایە

قەت ئیرەیی بەکەس نەبەم

هەر بە تەنیا

بەو چڵە گوڵە نەبێ

چوار وەرزی ساڵ، عاشقانە

دەستی کردۆتە، ملی وێنەکەت و

بێ باکانە بۆن بەقژتەوە دەکا..

9

پیاو

هەرگیز بڕوا ناکەم

پیاوان رقیان لەژن بێ

تەنها ئەو کاتانە نەبێ

کە دەبینن ژنێک

لەوان گەورەترە..

10

ماچ

کەس هێندەی دایکانی وڵاتەکەم

رقیان لەماچ کردن نیە

چونکە بەدرێژایی تەمەنیان

فێرنەبوون

باوکەکان ماچیان بکەن